# ژنانی کۆمەڵگایەک ئازادنەبن
# پیاوانیشی کۆیلەن!

**حەمەغەفور**
hamaxafoer@yahoo.com

هەڵاواردنو جوداسازی لەدژی ژن "ڕەگەزی مێینە" تایبەتمەندییەکی سەرەکیو بەرچاوی جیهانی ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وولاّتاندا ژن بەرەسمیو بەشێوەی یاسایی تەنانەت لەو مافو ئازادییە بەرتەسکو کەمبەهایانەش بێبەشن کە پیاو لێیبەهرەمەندە. لەو وولاّتانەی کە لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتوون؛ وە لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئایینو نەریتە کۆنەکان ڕیشەی قووڵتریان هەیە لەنێو ڕژێمی سیاسیو ئیداریو کەلتووریدا؛ ستەمکێشی ژنو بێمافیو ژێردەستەیی ڕەگەزی مێ بە ناشیرینترین شێوە خۆیدەنوێنێ. لە وولاّتانی مۆدێرنو پێشکەوتوودا، تەنانەت لەو کۆمەڵگایانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی بەرهەڵستکارو لایەنگری مافەکانی ژنانو ڕەوتە سۆشیالیستییە کرێکارییەکاندا جیاسازی ڕەگەزیی بەڕووالّەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا لابراوە، هێشتاش لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداریو دابو نەریتو ڕەوشتو باوەڕە نێرسالارییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایانەدا، ژن بەکردەوە لەبەردەم شالاّوی هەڵاواردنو ستەمکێشیدایە.

هەرچەند ژێردەستەییو ستەمکێشی ژن زادەو دەرەنجامی ڕژێمی سەرمایەداری نییە، بەڵام بۆرژوازیو سیستەمەکەی ئەم کەلتوورو میراتە چەپەڵەی مێژووی کۆنو لەوەوپێشی قۆستۆتەوەو گۆڕیویێتی بۆ یەکێک لە کۆڵەکە ئابووریو کۆمەلاّیەتییەکانی ژیانی ئەم سەردەمە. ڕەگو ڕیشەی نایەکسانیو بێمافییەکانی ئەمڕۆی ژنان ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆنو میراتی فکریو کەلتووری ڕژێمو کۆمەڵگا دێرینو لەناوچووەکانو ئایینو دیانەتەکانی سەردەمی جەهلو تاریکیو پەیامبەرانیان. بەڵکو ڕاستەوخۆ دەچێتەوەسەر ڕیشەی دابەشبوونی چینایەتیی ئینسان لەناو کۆمەڵگای سەرمایەداری مۆدێرنو سەنعەتیی ئەمڕۆدا. ئەو ڕژێمەی کە دابەشبوونی ڕەگەزیی ئینسانەکان بۆ "نێرو مێ"بوون لە مەیدانی بەرهەمهێناندا وەکو فاکتەرێکی پڕبایەخی ئابووریو سیاسی تەماشادەکات لەپێناوی زامنکردنی سوودو قازانجی سەرمایەدا. خولقاندنی فەزای لەباری بەرهەمهێنان بە مرونەت بەخشین بە هێزی کار، واتە ئەوەی پەیوەندئەبێتەوە بە خستنەسەرکارو لەسەرکاردەرکردنەوە، هێنانەئارای دۆخێک بۆ نانەوەی دووبەرەکیو کێبەرکێی دەروونیی لەنێو سوپای بەرهەمهێنانو کۆمەلاّنی کرێکارو ڕەنجدەردا، تەئمینکردنی بوونی بەشە هەژارترو مەحرومترەکان لەناو خودی چینی کرێکارو کۆمەڵگاشدا کە لەخوارەوەڕاگرتنی ئاستی ژیانی هەموو ئەم چینە دەستەبەردەکات وە سەرەنجام لەکەدارکردنی هەستی ئینسانیو چینایەتی کۆمەلاّنی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێشو زیندووڕاگرتنی بیروبۆچوونو ئەفکارو باوەڕە دەمارگیرییە کۆنو سواو و ئیفلیجکەرەکان، ئەمانە هەمووی خێروبێرو دەسکەوتەکانی جیاسازیو ستەکێشیی ژنانە بۆ سەرمایەداری مۆدێرنی ئەمڕۆو لە هەمانکاتدا بەشێکن لە کەرەسەو پێویستیەکانی دارشتنی پایەکانی کەڵەکەی سەرمایە لە دنیای هاوچەرخدا. بەدەرلەوەی کە ڕژێمی سەرمایەداری لە زاتی فەلسەفەو بوونی خۆیدا بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ یەکسانی هەمەلایەنەی ژن لەگەڵ پیاودا دێتەوە

یان نا، سەرمایەداری هەزارەی سێهەم بەشێوەیەکی دیاریکراوو بەرجەستە تانوپۆی دەسەڵاتو توانایی خۆی لەسەر ئەم نایەکسانیو هەڵاواردنەی ژنان دامەزراندووەو بێگومان بە سووکو ئاسانیو بەبێ بەرگری سەرسەختانەو قەهراوی دەسبەرداری نابێت.

کوردستانی عێراقیش لە سایەی دیموکراسی ئەمریکادا بە پێشڕەویی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی، بۆتە پنتێکی ئاڵۆزکاوی سیاسیو کۆمەڵایەتی بێ بەرنامەو بێ ئاسۆو ئامانج لەڕووی سیاسییەوە، کە یەکێک لە دەرەنجامەکانی بوونیەتی بە پانتاییەکی پاکتاوی ڕەگەزی مێینە بە ناشیرینترین شێوەی خۆی. ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانیشی لە کوردستاندا حەڤدە ساڵە بەکردەوە لە کارنامەیدا نیشانیداوە کە سەرلەبەری ستراتیژو بەرنامەو سیاسەتو چالاکیو هەڵسووڕانی خۆی لەپێناوی نوێنەرایەتیکردنی چینی بۆرژوازیدایەو بەتووندی دەستیگرتووە بە قەومپەرستیو نەتەوەپەرستییەوە. ئەم کارەشی بەئامانجی سڕینەوەی سنووری چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی کوردستان بووە. بۆ ئەوەش کە بە باشترین شێوە خزمەت بە دەوڵەمەندانو توێژە کۆنەپەرستو مشەخۆرەکانی کۆمەڵی کوردستان بکات وە لە دژی ئازادیو کرانەوەو سکۆلاریزمو ڕەوتی فەرهەنگی سەردەم کۆمەڵگا ڕێکخات، ئامادەبووە هەموو ڕێگاو کایەیەکی دژی ئینسانیو دژی ژنو کۆنەپەرستانە بگرێتەبەر. ملکەچکردنی چینی کرێکاری کوردستانو کۆمەڵانی ڕەنجدەرو دەستەنگ بۆ شوێنکەوتنی سیاسەتو ئامانجە کۆنەپەرستو دژە خەڵکییەکانیانو سەپاندنی نزمترین ئاستی ژیان بەسەریاندا کارێکی سووکو ئاسان نییە. خزمەتکارانی چینەداراکانی کوردستان دەبێ هونەری گەورە بنوێنن لەم پێناوەدا! پێویستە بەناوی ڕەسەنایەتیو نەریتی باوباپیرانو ڕەسمو عادەتی کوردەوارییو ئایینو دیانەتی ئیسلامییەوە پیسترینو کۆنترین کەلتوورو نەریتی ڕەگەزپەرستیو پیاوسالاریو ناموسپەرستیو جوداسازی بەرامبەر بە ژنان زیندووکاتەوەو برەویانپێبدات.

بەدوای ئازاری 991دا یەکێتیو پارتی خۆیان حەملەی پاکسازی ژنانیان دەسپێکرد بەناوی پاککردنەوەی شەرەفی قەومییەوە. ئەم هەنگاوە سەرەتای کارەساتەکە بوو. پرۆژەی کۆنەپەرستانەی دابەشکردنی چینی کرێکارو کۆمەڵگا بەسەر ڕەگەزی نێرو ڕەگەزی مێدا لەم شوێنەوە چووە مەیدانی جێبەجێبوونەوە لەناو ئامانجو بەرنامەی ناسیونالیزمی کوردیدا. حەڤدە ساڵە کۆنەپەرستانی قەومیو ئایینیو عەشیرەیی کۆمەڵی کوردستان لەدەوری ئەم پرۆژەیەی ناسیونالیزمی کورد کۆبوونەتەوەو بەرگری لێدەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەو ماوەیەدا ئەم وڵاتە بەناو کارەساتی سەرگەردانیو بێئاسۆییدا گوزەرپێکراوە، لەگەڵ ئەوەی گەندەڵیو دزیو ڕاووڕووت تەنگی بە خەڵکو جەماوەر هەڵچنیوەو بەڕوونی کوردستان بەسەر فیرعەونستانو جیهانی هاووڵاتیانی تورەو ناڕازیو بێ ئاوو کارەباو بێ خزمەتگوزاریدا دابەش بووە، بەڵام ترسناکترینو دەردناکترین کارەسات ئەو قەڵشتە جەرگبڕەیە کە لە نێوانی ژنو پیاوی ئەم وڵاتەدا هەڵکەنراوە! بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی پەیامی کۆیلەتی ژنانی کرد بە ئاڵای پیاوسالاری کوردستان یان نەمانەوەو بە نەعرەتەی نەتەوەچێتییەوە چوو بەرەوپیری بەڵێنی ئەمریکا بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراسی لە عێراقو کوردستان. لەوەش تراژیدیتر ئەوەیە کە کۆمەڵگا بەجۆرێک لە جۆرەکان خەریکە ئەم دابڕانە ڕەگەزییە قبوڵبکاتو تاڵاوەکانیشی بچێژێت!

پرۆژەی کۆنەپەرستانەی ناسیونالیزمی کورد بۆ تەوقکردنو کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتو موقەدەراتی کۆمەڵگای کوردستان کاری خۆی کردووەو نەک هەر ژنانو پیاوانی لەیەک دابڕیوە لەڕووی ڕەگەزییەوە، نەک هەر دەستدرێژی کردۆتە سەر هەستو سۆزو پەیوەندی ڕۆحیو خۆشەویستیی تاکەکان، بەڵکە مۆرکی نێرسالاری ناوە بەنێوچەوانی کۆمەڵگاوەو ژنو ڕەگەزی مێیینەی فڕێداوەتە ئاستی تەنها هۆیەکی سێکسی بۆ دامرکاندنەوەی هەوەسبازی پیاوان! جێی شەرمەزارییە بۆ ئینسان ژنانی کۆمەڵگاکەی بەم ڕادەیە سووکو بێحورمەت بکرێن بەبیانووی پووچەوە! بەمپێیە ژنان، کە نیوەی کۆمەڵگا پێکدێنن مەحکومکراون بە پلەچەندەمیو پاشکۆی پیاوان لە هەموو ڕوویەکەوە، کە لەناو مەودای هەوەسو بواری عەقڵییەتو کەلتووری پیاوسالاریو شەرەفپارێزیدا کۆتوبەند کراونو بەشێوەیەکی دڕندانە کەوتوونەتە بەردەم شالاوی پاکتاوی ڕەگەزی لەلایەن کۆمەڵگای پیاوسالاری کوردستانەوە. سەری هەر بیرێک هەڵدەیتەوە، هەر بن دەوەنێک بپشکنیت، هەر کەندەلانێک تەماشاکەیت، لە هەر پەرەمێزێک بپرسیت یاخود لە دەمی هەر خەنجەرو چەقۆیەک ووردبیتەوە یان بۆن بکەیت بە لوولەی هەر تفەنگێکەوە، بۆنی خوێنو قیژەو هاواری تاساوی دایکێک، ژنێک، تازەکیژۆڵەیەک دەچێ بە دەماغتدا! ئەمە ئیتر تەنها ناوی کۆمەڵگای بەسەرەوەیە، دەنا هۆلۆکۆستێکی ڕەگەزپەرستانو کۆنەپەرستانو قەومپەرستانی کوردستانەو مەعلوم نییە تا چەندی تر ئینسانییەتی تێدا هەڵدەقرچێنرێ! کۆمەڵگایەک شوێنی ژیانی مێیینەی تیانەبێتەوەو ئازادی ڕەگەزی مێی تێدا بەم دەردەببرێ، بەر لە هەر شتێک پیاوانی ئەو کۆمەڵگاو دەڤەرە خۆیان کۆیلەو زنجیرکراوو دەسبەسەرو داماون!

جێی گاڵتەجاڕییە حکومەتو پەرلەمانی کوردستانو حیزبەکانی یەکێتیو پارتی دوای حەڤدە ساڵ برەودان بە نێرسالاریو فەرهەنگو کەلتووری ژنکوشتن، پاش کوشتاری هەزاران ژن، خەیاڵیان خۆشکەن کە بە کردنەوەی شتێک لە دائیرەی پۆلیسی دهۆک بەناوی "نووسینگەی دژی توندوتیژی ژنان" یاخود دەزگایەک لە هەولێر بەناوی" بەڕێوەبەرێتی پۆلیس بۆ کاروباری توندوتیژی دژی ژن" ئەتوانن پەردە بدەن بەسەر تاوانکارییەکانی ناسیونالیزمی کورددا لە بەرامبەر بە ژناندا. یان بەر بگرن بە نەفرەتو نارەزایەتییەکی قووڵی جەماوەری لە دژی فەرهەنگی پیسی ناموسپەرستانەو پیاوسالاری کە بە بودجەو ئیمکاناتی زۆروزەبەندی بەردەستی ئەوان بەم ڕادەیەی ئێستا پەرەی سەندووە. یاخود پێیان وابێ بەم کارەیان خەباتو تێکۆشانی ئازادیخوازانو ڕووناکبیرانو سکۆلاریزمو کۆمەڵگای مەدەنی بۆ کۆتاییهێنان بە دیاردەی ڕەشەکوژی ژنانو بەرقەرارکردنی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنانو پیاوان کەمبایەخ دەکەنەوە لەبەر چاوی کوردستانو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش . بزووتنەوەی ژنانو یەکسانخوازی لە هاودڵیو پشتیوانی قووڵی جەماوەری خەڵکی کوردستان بەهرەمەندەو لەپێناوی سڕینەوەی دیاردەی پیاوسالاریو جوداسازی لەدژی ژنان لەم کۆمەڵگایەدا بۆپێشەوە دەڕوات.

2007/10/14